# ڕۆڵ و پێگەی کورد لە گۆڕانەکانی ئێستا و داهاتووی ئێران

ئازاد محەمەد



بۆ ئەوەی بتوانرێت بە سەرکەوتووییەوە ئەو بابەتە شی بکرێتەوە دەبێ ئاوڕێک بدەینەوە لە ڕۆڵ و پێگەی کورد لە رابردووی ئێران کە بەداخەوە بەزۆر هۆوە ڕۆڵ و پێگەیەکی وەهای لێنابینرێت کە بتوانێت پشتگیرییەک بۆ داهاتوویی بێت. ئەوەی دەبێتە هۆی نواندنی ڕۆڵ و پێگەی سیاسی کورد لە ئێراندا، خەباتکارە سیاسییەکانیەتی کە هەنووکە وەئەستۆی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو پارتانە لەو بوارەدا، دوو ئەرکیان دەکەوێتە سەرشان، یەکەمیان ڕاکێشانی بیروڕایی جەماوەرەکەیان و دووەمیش پێوەندی و پلاتفۆرم و یان هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانە.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم بە هۆی ئەوەی ڕێکخراو و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕۆژهەڵات هەنووکە دابەشبوونە بە دوو دیموکرات، دوو مەکتەبی قورئان، دوو خەبات، دوو برا و دوو حزب و پێنچ شەش کۆمەڵە، نەیانتوانیوە یەکڕیزیان بپارێزن، چۆن دەتوانن سەرنجی جەماوەریان ڕابکێشن و ببنە سەمبولێک بۆ خەڵکەکەیان. ئەوە لە کاتێکدایە ئەو حزبانە بانگەشەی دیموکراسییەت و مۆدێرن بوون دەکەن و لە بەرنامە و پەیڕەوی هەموویاندا خۆیان وەکو هێزی پێشڕەوی نەتەوەکەیان پێناسە دەکەن.

ئەوە چ هێزی پێشڕەوێکە نەیتوانیوە ببێتە سەرچاوەیەکی فیکری بۆ گەلەکەی؟ ئەوە چ هێزی پێشڕەوێکە ئەگەر هەنووکە لایەنگرانی ئەحمەدینەژاد کە خۆیان بە زۆرینە دەزانن بە گۆپاڵ و چەقۆ و گوللەوە وەڵامی بەرامبەرەکانیان دەدەنەوە، هەمان کردەوە لە کاتی لەتبوونی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتیشدا لەلایەن باڵی دەسەڵاتدارەوە بینرا؟ باشە چ جیاوازییەک هەیە چەقۆ هەر چەقۆیە و خوێنیش هەر خوێنە؟ خۆ ئەحمەدینەژادیش لە بانگەشەکەیدا باسی هەبوونی "ئازادی مگلق"ی لە ئێراندا دەکرد و ئەو برادەرانەیش خۆیان بە پارێزەری دیموکراسییەت و یەکسانی پێناسە دەکەن.

ئێمەی کورد بە دیموکراسییەت و هەبوونی بیروڕایی جیاوازەوە دەتوانین یەکڕیزی هێزەکانمان و دواتر قورسایی خۆمان لای جەماوەر و نەتەوەکەمان هەروەها لای نەتەوەکانی دیکەی ئێران بسەلمێنین بەڵام بەداخەوە ئەگەر هەنووکە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێرانی ئیسلامی لەسەر ئەحمەدینەژاد تاپۆ کراوە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتیش بەس دەنگ و ڕەنگی خۆیانە و من جیاوازییەک نابینم لە نێوان چرغامی سەرۆکی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێران کە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکەی لەسەر کۆتلەیەکی باڵەکانی کۆماری ئیسلامی تاپۆ کردووە لەگەڵ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کە بەس دەنگ و ڕەنگی خۆیانە و بگرە هێرشکردنی دوور لە یاسایی ڕاگەیاندنیش لەلایەن بەرپرس و پێشکەشکارانیانەوە بۆ سەر لایەنەکانی دیکە دەبینرێت و دەبیسرێت. پێشێلکردنی مافی ئینسانی و دیموکراسی لە هەر لایەکەوە بێت مەترسیدارە و لە سەردەمی پێوەندییەکانیشدا شاراوە و نهێنی بوونی نیە.

حەشیمەتی کورد لە ئێران بە خۆشبینانەترینیەوە یەک بە حەوتە. پارتەکانی ڕۆژهەڵات کە پڕاوپڕن لە ناوچەگەری و بگرە هێشتا نەیانتوانیوە سنوورەکانی شیعە و سوننە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێپەڕێنن چۆن دەتوانن لە داهاتووی ئێراندا قورساییان هەبێت؟ خۆ لە ڕابردوویشدا نەیانبووە. ئەگەر بیانبوایە با دەنگی خۆیان بەسەر مەلاکاندا بسەپێندایە لە سەرکەوتنی شەهید دکتۆر قاسملوو بۆ ئەندامێتی "مجلس موسسان" لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا. خۆ ئەوکات ئەم لەتبوون و شتەیش نەبوو. با لە شەهیدبوونی دکتۆر قاسملوودا 20 کەس لە ئێرانیش نا لە پاریس، مانی لە خواردن بگرتایە. با لە شەهیدبوونی دکتۆر شەرەفکەندیدا سەرنجی دوو نەتەوەی دیکەمان لە ئێران بەخۆوە ڕابکێشایە. ئەوانە هەمووی بەڵگەن بۆ نەبوونی قورساییمان لە ئێران. دوور نەڕۆین هەر لە هەرێمی باشووری کوردستان ئەگەر پارتەکانی ڕۆژهەڵات قورسایی بوایەتن، بۆ دەبێ لە کاتێکدا لە هەموو جیهان بە دژی کۆماری ئیسلامی خۆپیشاندانە لێرە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکیش پڕ نەکرێتەوە؟ کە دیارە ئەو گلەییە یەخەی دەسەڵاتی ئەم هەرێمەش دەگرێتەوە.

سەبارەت بە دەنگەوە هاتن و بەپیرەوە چوونی پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی بەداخەوە هەنووکەش لە کاتێکدا سەدان "ندا یقا سلگان" لەسەر شەقامەکانی ئێران خوێنیان بۆ سەلماندنی دەنگەکەیان دەڕژێت، کەم نین ئەو بیرۆکانەی هەر حەزیان لە دوورەپەرێزی و هاوئاهەنگ نەبوونە. باشە ئەگەر ئەمڕۆ منی کورد بەو باروودۆخە شادمان بم دووبەیانی ئەویش بە ڕژانی خوێنی من شادمان دەبێت، ئەی جیاوازیمان لە چیدایە؟ کەی دەبێت کۆتای بەو شەڕە ماڵوێرانکەرە بێت؟ لەکام سەردەم و وڵاتدا شەڕ و خوێن شانازی و ئاوەدانی بووە؟

خاڵی دووەم پێوەندی و پلاتفۆرم یان هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتەکانی دیکەی ئێرانییە کە بەداخەوە لەو بارەیەوە، یان بووینەتە هۆی ناساندنی حزبێکی نادیاری ئێرانی یان ئەگەریش کارێکی سەرکەوتوو کراوە بووەتە قوربانی شەڕی کۆتلەگەری حزبییەوە، کە لەو بارەیەوە نموونە زۆرن و پێویست بە درێژکردنەوەی ئەم بابەتە ناکات.

پێشنیارم ئەوەیە بۆ ئەوەی کورد بتوانێت لە ئێستا و داهاتووی ئێراندا قورسایی هەبێت و هەروەها پارتەکانی ڕۆژهەڵاتیش بتوانن کاریگەر بن لەسەر ئەو خەڵکەی وا هەنووکە پێشڕەون و بە هۆی ئەو کردارە نادیموکراتیانەی وا لە پارتەکانی ڕۆژهەڵات دیتوویانە و وەکو جاران قسەیان ناخوێننەوە، ئەوەیە کە: پارتەکانی ڕۆژهەڵات ئەگەر هەر بەم کردارەی ئێستایانەوە بە هیوان بگەڕێنەوە وڵات با ئەو زەحمەتە بە خۆیان نەدەن چونکە ئەو کات درووشمی "نەمان بۆ دیکتاتۆر"ی شەقامەکانی تاران ڕووبەڕوویی ئەوان لە کوردستان دەبێتەوە و باشتر وایە ئەو پارتانە دیموکراسییەتی واقعی لە خۆیاندا بچەسپێنن، پاشان ڕیزەکانیان یەکخەن و بەرەیەک پێکبێنن. ئەوکات لە هەلە مێژوویەکاندا کە دەنگی خۆیان لە ناو خەڵکەکەیاندا بیستەوە و هەستیان بە قورسایی و بوونیان کرد و ئەو قوراسییەیان هەڵسەنگاند، بە پێی ئەو قورساییەی هەیانە درووشم و خواستییان دیاری بکەن ئەگینا وەکو ئێستەیان لێدێت کە داوای خەباتی جەماوەری دەکەن و بەڵام پاش هەفتەیەک "تیشک"ی خۆپیشاندانی تاران وەخەبەریان دێنێت یان داوای کۆماری کوردستان دەکەن و لە هەڵبژاردنیشدا بانگەشە بۆ بەرنامەی کاندیدایەکی سەرۆک کۆماری ئێران دەکەن. کە دیارە من ئەو تێکەڵبوونەی خەباتی دەرەوە و ناوخۆوە بە ڕووداوێکی ئەرێنی دەزانم و خۆزگە زووتر بکرابایە بەڵام با ئەوەی وتراوە و ئەوەی دەکرێت پێداچوونەوەیەکی بۆ بکرێت.

دوای ئەو پرۆسەیەی کە باسمکرد پارتەکانی ڕۆژهەڵات کە نوێنەری سیاسی گەلەکەیانن و قورسایی خۆیان هەڵسەنگاند، لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ئێرانی بە تایبەت هێزەکانی ناوخۆیی بۆ دابینکردنی ویستەکانی نەتەوەی کورد دیالۆگ بکەن و بزانن چیان دەوێت و دڵنیا بن ئەگەر وا نەکەن دەرفەتەکان دووبارە نابێتەوە.

ئەو گیانفیدایەی ئەمڕۆ لە شەقامەکانی تاران، ئیسفەهان، گیلان، مازندەران، تەورێز، شیراز، مەشهەد و ئەهواز دەبینرێت و جیهانی هەژاندووە، هێمای خوێندنەوەی واقعی فاکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو خەڵکەیە لەلایەن هێزە سیاسییەکانیانەوە.

## مەریوان نەقشەبەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف:

# "3 ماموستایانمان ئاگادار کردۆتەوە، کە لە وتارەکانیان بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی نەکەن"

دیمانە: عیسا عەبدولقەهار

**لەو دیمانەیە، مەریوان نەقشەبەندی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف، باس لە ئەرکی ماموستایانی ئایینی دەکات، لەو هەڵبژاردنەی کە بڕیارە ماوەیەکی تر ئەنجام بدرێت، دەڵێت" 3 ماموستامان ئاگادار کردۆتەوە، کە لە وتارەکانیان بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی نەکەن" ئەو باس لە کاری خێرخوازان دەکات و دەشڵێت" زیاتر لە 300 دەولەمەند و خێرخواز دەیانەوێت لە گوندەکان مزگەوت دروست بکەن"**

**ماوەیەکی تر هەڵبژاردن لە کوردستان بەڕێوەدەچێ، تۆ ڕۆڵی ماموستایانی ئایینی لەو هەڵبژاردنەدا چۆن دەبینی؟، ئایا تا ئێستا مەلاکان لە خوتبەکانیان بانگەشەیان بۆ هیچ لیستێک نەکردووە؟**

– ماموستایانی ئایینی بە تایبەتی ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکان، توێژێکی زۆر مەزلومی کوردستانن، زۆر زوڵمیان لێ دەکرێ، بە تایبەتی لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و نوخبەی ڕۆشنبیرانەوە، چونکە سەرەڕای ئیلتیزام بوونیان بە هەموو ڕێنمایەکانی حکومەت و وەزارەتی ئەوقاف، بەڵام بەردەوام گلەییان لێ دەکرێ، ئەگەر سەیری ئەو خروقاتانە بکەی، کە ئێستا لە کاتی هەڵبژاردن دەکرێ، یان لە یاساکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن دەکرێ، هەرگیز بەراورد ناکرێ بە خروقاتی ماموستایانی مزگەوتەکان، چونکە خروقاتی ماموستایانی ئایینی یەکجار کەمە، تا ئێستا نە لە کۆمسیۆن و نە لە هیچ لیستێکەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی هیچ خروقاتێکمان بۆ نەناردراوە، کە ماموستایان ئەنجامیان دابێ، ماموستایانی ئایینی جگە لەوەی، کە لە زۆربەی بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینی و تەندروستیەکان داوایان لێ دەکرێ، کە ڕێنمایی خەڵکی بکەن، بۆیە دەورێکی زۆر باشیان لە ڕێمنایکردنی خەڵکی لە هەڵبژاردنەکاندا بینیوە بە دەلیلی ئەوەی، کە دوو نوسراوی ڕەسمی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانمان بۆ هاتووە، جاری یەکەم سوپاسمان دەکەن، بەوەی کە ماموستایانی ئایینی، ئاگادرا بکەینەوە، کە هانی خەڵک بدەن تا بچن بۆ بنکەکانی دەنگدان و بۆ دۆزینەوەی ناوەوکانیان، ماموستایانی ئایینیش ئەوەیان کردوە، جاری دووەمیش سوپاسمان دەکەن بەوەی کە ماموستایانی ئایینی، دەورێکی زۆر باشیان بینیوە و هیچ خروقاتێکیان نەکردوە، بۆ جاری سێیەم سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هاتە وەزارەتی ئەوقاف بۆ دڵنیاکرنەوە و موحازەرەیێکی بە ماموستایانی ئاییندا، ئەو هەمووی دەلیلە، بۆ ئەوەی کە ماموستایانی ئایینی دەورێکی نەتەوەییان بینیوە لە هاندانی خەڵک و تێگەیاندنی خەڵک، لەوەی کە دەنگدان مافێکی شەرعیە، بۆیە لەوماوەیە ماموستایان زۆر بە جدی کاریان کردوە، بەڵام من نیگەرانم کە هەندێک کەناڵی ڕاگەیاندن ماوە ماوە بە بێ هیچ هۆکارێک، دەیانەوێت ماموستایانی ئایینی بەوە تۆمەتبار بکەن، کە خروقاتیان کردوە یاخود بانگەشەیان بۆ لیستێک کردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم بڵێم 100% ماموستایان پابەند بوونە بە ڕێنمایەکانی کۆمسیۆنی باڵا، بەڵام لە 4089 مزگەوت لە کوردستاندا، زۆر حالەتێکی ئاساییە کە لێرەی و لەوێ، ماموستایەکی ئایینی خروقتێک بکات یان بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاماژە بۆ لیستێک بکات، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی خروقات لەلایەن ماموستایانی ئایینی زۆر کەمە، من زۆر سوپاسی ماموستایانی ئایینی دەکەم، تا ئێستا خروقاتەکانیان بە شێوەیەک نەبووە کە ببێتە جێگای ڕەخنە، ئێمە ماموستایانمان ناچار کردووە کە وتارەکانیان دوور بخەنەوە لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن یان بانگەشە بۆ حیزبێک، بەڵام لە دەرەوەی مزگەوت ماموستا وەکو هەر هاوڵاتیەک مافی خۆیەتی بۆچوونی خۆی هەبێت لەسەر هەڵبژاردنەکان، بەڵام بە مەرجێک ئەو کارەی لەسەر مینبەری مزگەوت نەبێ.

**ئەگەر ماموستایەکی ئایینی سەرپێچی ڕێنمایەکانی وەزارەتی ئەوقافی کرد، و لە وتاری ڕۆژی هەیینی بانگەشەی بۆ حیزبێک کرد، ئەو کات وەزارەت چۆن ئیجرات دەکات؟**

– ئێمە ئیجراتی ئیداریمان هەیە لە وەزارەت، هەر ماموستایەک ڕێنمایەکانی وەزارەتی پێشلکرد سەرەتا ئاگاداری دەکەینەوە، دواتر ئەگەر زانیمان خروقاتەکەی زیاتر بووە، وتاری ڕۆژی هەیینی لێ ڕادەگرین، ئەمە چەند ئیجرائاتێکی ئیداریە کە لە وەزارەتی ئەوقاف پەیڕەو دەکرێ، بە پێی حەجمی ئەو خروقاتەی کە دەیکات، بەڵام ئێمە هەرگیز حەز ناکەین بڵێین ماموستایانی ئایینی سزا دەدەین، چونکە ماموستایان لەوە گەورەترن کە ئێمە بڵێین سزایان دەدەین.

**دەگوترێ وەزارەتی ئەوقاف چاودێری وتاری هەیینی ماموستایان دەکات، ئەمە تا چەند ڕاستە؟ جگە لە ڕێنمایی هەڵبژاردەکان، هیچ ماموستایەکی ئایینی هەیە، کە ڕێنمایی وەزارەت پەیڕەو نەکات؟**

– ئێمە کۆمەڵێک ڕێنمایمان دەرکردوە کە پەیوەستە بە هەڵبژاردنەکان، ئەو ڕێنمایانەمان پێش ڕێنمایەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و پێش پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم ئامادە دەرکردوە و داومانە بە هەموو ماموستای ئایینی مزگەوتەکان، ئێمە پێمان وایە ماموستایانی ئایینی جێگای سەقامگیرین کاتێک مزگەوتەکانیان بۆ ڕێنمایی چاکە بە کار دەهێنن، کاتێکیش مزگەوتەکان بکرێتە شوێنێک بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، ئەوا پێش هەموو شتێک ئایینی ئیسلام زەرەرمەند دەبێ کە ئایینی 95% ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە، بۆیە ئێمە جگە لە ڕێنمایەکانی تایبەت بە هەڵبژاردنەکان چەند ڕێنمایەکی تریش، ئەویش دوور کەوتنەوە لە توندڕەوی و دەمارگیری لە کاتی قسەکردندا، لە هەڕەشەکردن و ناوزڕاندن، بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادەین ماموستایانی ئایینی ناوی هیچ کەسێک برزێنن، بە تایبەتی ڕۆژنامەنووسان و کەسایەتیە ڕۆشنبیرەکان، ئەگەرچی ئەو هێرشانەی لە هەندێک ڕۆژنامە و کەسایەتیە ڕۆشنبیریەکان دەکرێتە سەر ماموستایانی ئایینی، یەکجار زۆرترە لەو بەرچەدانەوانەی ماموستایانی ئایینی، کە هەندێکجار ناچار دەبن لە مینبەرەکان وەڵامیان بدەنەوە، چونکە ماموستایان تەنها مینبەری مزگەوتیان هەیە.

**تا ئێستا چەند ماموستای ئایینیتان ئاگادار کردۆتەوە، لەوانەی کە خروقاتیان کردوە؟**

– تا ئێستا 3 ماموستای ئایینیمان لە سەرانسەری کوردستان ئاگادار کردۆتەوە، لەوەی کە لە وتارەکانیان لایەنگیری هیچ لیستک نەکەن، چونکە وتاری ئەو 3 ماموستایانە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لایەنگیری پێوە دیار بووە بەڵام دڵنیاد دەکەمەوە، کە ئەو 3 ماموستایەی بانگمان کردوون، سەر بە حیزبە ئیسلامیەکان نەبوون، بەڵکو سەر بە لیستی کوردستانین، ئێمەش ئاگادارمان کردینەوە کە لە وتارەی ڕۆژی هەینیان لایەنگیری لیستی کوردستانی نەکەن.

**بە پێی هەواڵێک سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف لە پەرلەمان، لە وتاری خۆی ڕۆژی 6/26 بانگەشەی بۆ دەستور کردوە، لەو وتارە داوای لە هاوڵاتیان کردوە، کە دەنگ بە دەستور بدەن و بە واجب وەسفی کردوە، ئێوە دەتوانن وتاری ئەو ماموستایە رابگرن؟**

– بە پێی یاسا ماموستا (سەعدەدین) هەتا ئەندامی پەرلەمان بێت، دوور و نزیک پەیوەندی بە وەزارەتی ئەوقاف نیە، بەداخەوە ماموستا سەعدەدین سەرۆکی لێژنەی ئەوقافە لە پەرلەمانی کوردستان، من نازانم خروقاتی کردوە یان نا، بەڵام ئەوە دەڵێمەوە کە نە ماموستا سەعدەدین نە هیچ ماموستایەکی تر مافی ئەوەی نیە، کە لە وتاری ڕۆژی هەیینیدا بانگەشە بکات، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە دەستور هەیە لەوانەیە هەندێک جیاواز بێت، لەوەی کە پڕوپاگەندە بۆ هەڵبژاردن بکات، چونکە دەستور لەلای هەندێک ماموستای ئایینی پڕۆژەیەکی نەتەوەیە و ڕەنگە دەنگدان لەسەری لە ڕووی شەرعەوە بە واجب حیساب بکات، بەڵام ئێمە داوامان لە ماموستایان کردوە، کە باسی دەنگداپێدانی دەستوریش نەکەن، بەڵکو دەتوانن لە ڕێگا بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکان بۆچوونی خۆیان دەبڕن.

# "زیاتر لە 300 دەوڵەمەند و خێرخواز دەیانەوێت لە گوندەکان مزگەوت دروست بکەن"

**چەند کەس داوایان لە وەزارەت کردوە، کە ڕێگایان پێبدرێت مزگەوت دروست بکەن؟، چەند قوتابخانەی ئایینیش هەیە لە کوردستان؟ هاوڵاتیان پێیان وایە، وتاری ڕۆژانی هەیینی ماموستایان، تەقلیدیە، ئێوە چیتان بۆ ئەمە کردوە؟**

– ئەو زەوییەی کە خیرخواز مزگەوتی لەسەر دروست دەکات یان هۆڵی بۆنە ئایینەیەکانی لەسەر دروست دەکات، لەلایەن وەزارەتەوە بۆیان دابین دەکرێ، زیاتر لە 100 خیرخواز لەو کابینەی حکومەت داوایان لە وەزارەتی ئەوقاف کردووە، کە ڕێگایان بدات مزگەوت دروست بکەن، زیاتر لە 300 دەولەمەند و خێرخواز دەیانەوێت لە گوندەکان مزگەوت دروست بکەن، ئێمە داوامان لە خێرخوازان کردوە کە لە جیاتی دروستکردنی مزگەوت هۆڵێکی پرسە دروست بکات یان مزگەتێک نۆژەن بکاتەوە، بۆیە لە ماوەی 2 ساڵی ڕابردوو 10 هۆڵی پرسە دروستکراوە لەلایەن خێرخوازانەوە، جگە لەوەی کە وەزارەت نزیکەی 17 هۆڵی دروست کردوە، هەندێکجار خێرخوازان مەرجەکانی وەزارەت جێبەجێ ناکەن، چونکە وەزارەت چەند مەرجێکی هەیە، لەوانە دەبێ بە پێی داواکاری وەزارەت بێ نەک داواکاری خێرخوازان، دەبێ ئەو زەوییەی مزگەوتی لەسەر دروست دەکرێ زۆر فراوان بێ، کە گەراجێکی لەگەڵ دروست بکات، لە ماوەی کاری ئەو کابینەیەدا نزیکەی 400 مزگەوت دورست کراوە، هەموو مزگەوتەکان لە ژێرچاودێری وەزارەت دایە وەکو جاران نیە، کە بۆ کاری حیزبی بەکاردەهێندران، زیاتر لە 2000 هەزار قوتابی هەیە کە قۆناغە جیاجیاکان دەخوێنن، 26 قوتابخانەی ئایینیمان هەیە، کە 13یان سەر بە کۆمەڵ و یەکگرتوو بوون، بەڵام ساڵی پار لەگەڵیان ڕێکەوتین و خراونەتەوە سەر مەنهەجی وەزارەتی ئەوقاف، ئێستا خوێندنی ئایینی لە سەرانسەری کوردستان یەک مەنهەجە، ئێمە خولمان بۆ ماموستایان کردۆتەوە، ئێستاش زیاتر لە 500 ماموستا کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت بە کاردەهێنن، ئەمەش هەوڵێکە بۆ ئەوەی دوور بکەونەوە لە وتاری تەقلیدی، چونکە هەفتانە زیاتر لە 600 هەزار کەس لە کوردستان گوێ بۆ وتاری هەیینی ماموستایان دەگرێ.

**ئێستا لە سعودیە ئەنفلەوەنزای بەراز بڵاوبۆتەوە، ئایا ئەمساڵ ڕێورسمی حەج بەڕێوە دەچێ؟**

– بڕیارە ئەمساڵ لە مانگی (11)، 4500 حاجی ئێمە سەفەر بکەن بۆ سعودیە، بەداخەوە تا ئێستا نزیکەی 30 کەس تووشی ئەنفلەوەنزا بوونە، ئەمەش ترسناکە، ئێمە چاوەڕێ حکومەتی سعودیە دەکەین وەکو حاجیانی جیهان، ئەوان چیان کرد ئێمەش بە هەمان شێوەی کار دەکەین، ئێمە لەگەڵ مەراجعی ئایینی دنیا پەیوەندیمان هەیە، بە تایبەتی لەگەڵ دەستەی حەجی عێراقی پەیوەندێکی باشمان هەیە، ئێمە لایەنێکی ئیداریین چاوەڕێ فتوا دەکەین کە ئایا حاجیان بنێرین بۆ سعودیە یان نا؟.



